# پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق

**ماددەی یەکەم :** مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:-

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی_عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ناوخۆ.

٥- یەکەی کارگێڕی: (پارێزگا-قائمقامیەت-ناحیە)

٦- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: (پۆلیس-هاتوچۆ-گەشتوگوزار-رەگەزنامە-بەرگری شارستانی).

**ماددەی دووەم :** وەزارەت هێنانەدی ئەم ئامانجو گرینگیانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:-

١- جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێمو کارکردن بۆ یەکگرتنیو پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- کارکردن و پیادەکردنی پرەنسیپی سەروەری یاساو بەهێزکردنی سیستەمی گشتیو پارێزگاری کردن لەسامانی گشتیو تایبەتیدا.

٣- کارکردن لە پێناو پاراستنو رێزگرتنی هەلسوڕاندنی ئازادیە دیموکراسیەکانو مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی رۆلی دەزگاکانی کۆمەلگای مەدەنی لە هەرێمدا.

٤- کارکردن لەسەر قەدەغەکردنی تاوانکردنو نەهێشتنی بەئامانجی هێنانەدی ئاسایشو سەقامگیری لە هەرێمدا.

٥- هاوکاریو هەماهەنگی کردن لەگەل وەزارەتو دەزگاگشتییەکانی تایبەت بە گرینگیو ئەرکەکانی پەیوەندیدار بەپاراستنی ئاسایشو سیستەمی گشتیو هەماهەنگی کردن لەگەل وەزارەتی ناوخۆی فیدرالی یان هەر رێکخراوێکی عێراقی یان نێودەولەتی لەچوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی وەزارەتی هەرێم.

٦- بلاوكردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیریو ئاسایشو دروستكردنی كەشو هەوایەكی تەبایی لە نێوان هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لەگەڵ توێژە هەمەجۆرەكانی كۆمەڵگای مەدەنیو تاكەكان، بۆ ئاراستەكردنیان بەهاوكاریو هەماهەنگی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هاوبەش.

٧- وەزارەت چاودێری كردنی ئاوارەو دوورخراوو ڕاگوازراو پەنابەران دەگرێتە ئەستۆو هەوڵی چاككردنی بارودۆخیان دەداتو چارەسەرەكان پێشكەش دەكاتو خزمەتگوزاریەكان فەراهەم دەكاتو هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتو لایەنەكانی پەیوەندیدار دەربارەیان دەكات.

**ماددەی سێیەم :**

**یەكەم/ وەزیر:** سەرۆكی بالای وەزارەتەو بەرپرسە لە جێبەجێكردنی سیاسەتەكانیو سەرپەرشتی جێبەجێ كردنی یاساو پێڕەوەكانو دەركردنی ڕێنماییو فەرمانو بەیاناتەكان لەچوارچێوەی گرنگی كارەكانی وەزارەتو دامەزراوەكانیو هەموو كاروبارەكانی دیكەی كارگێڕیو سەربازیو ڕێكخستنی هونەریو بەدواداچوونو ئاراستەكردنیو هەماهەنگی كردن لە نێوان دەزگا گشتیەكانی لەچوار چێوەی سنووری ئەم یاسایەو یاساكانی بەركاری دیكەو مافی سپاردنی هەندێ لەدەسەلاتەكانی هەیە بۆ بریكارانی وەزارەت سەرۆكی یەكەكانی كارگێڕیو بەڕێوەبەرە گشتیەكانو سەرۆكی فەرمانگەكان، وبەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ئەوەی ئەندامێكی هاوكارە تیایدا.

**دووەم/** بریكارانی وەزارەت:

١- بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- بریكاری وەزارەت بۆ كارگێڕی گشتی.

سەرپەرشتی كردنی هێزی ئاسایشی ناوخۆو فەرمانگەكانی كاروباری گشتیو یەكەكانی كارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەكانی ناوخۆ، دەگرێتە ئەستۆ، ئەركو ئەو دەسەلاتانەی كە وەزیر پێی دەسپێرێ هەڵدەسوڕێنێو دەبێ شارەزاو بەتوانا بنو بەلای كەمی بڕوانامەی زانكۆی بەراییان هەبێ.

**سێیەم/** نوسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بەناونیشانی بەڕێوەبەر یان ئەفسەرێك پلەی لە نەقیب كەمتر نەبێت، سەرۆكایەتی دەكات، ودەبێ بڕوانامەی زانكۆی بەراییان هەبێتو چەند فەرمانبەرو كارمەندێك یارمەتی دەدەن.

**چوارەم/** نوسینگەی بریکاری وەزیر: هەر بریارێکی وەزارەت نوسینگەیەکی تایبەتی دەبێ، فەرمانبەرێك یان ئەفسەرێك بەناونیشانی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات، چەند فەرمانبەرو کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

**ماددەی چوارەم :** ڕاوێژکاران:

ڕاوێژکاری وەزیر بەپلەی تایبەتیو لە هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆی بەرایی لەمەیدانی تایبەتمەندی خۆیدا، ودەبێ خزمەتی کردەنی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێتو شارەزاو بەتوانا بێ لەو مەسەلانەی لەلایەن وەزیرەوە دادەمەزرێ.

**ماددەی پێنجەم :** پارێزگارانی هەرێم :

پارێزگار فەرمانبەری ڕایەڕاندنی باڵایە لە پارێزگادا، جێبەجێکردنی یاساو پێڕەو و ڕێنمایيو فەرمانەکانی لەوەزارەتەوە دەردەچنو ڕێکخستنی دامەزراوی یەکەکانی کارگێڕی لە هەرێمداو دەسەڵاتەکانیان بەپێی یاسا، لەئەستۆی ئەوە.

**ماددەی شەشەم :**

١- لەدیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێك دادەمەزرێ بەناوی (ئەنجومەنی وەزارەت) لەمانە پێك دێت:-

| | |
|---|---|
| أ- وەزیر: | سەرۆکی ئەنجومەن. |
| ب- بریکارانی وەزارەت: | ئەندامن. |
| ج- ڕاوێژکاران: | ئەندامن. |
| د- بەڕێوەبەرە گشتییەکان: | ئەندامن. |
| هـ- پارێزگاران: | ئەندامن. |

٢- ئەنجومەن: خوێندنەوەو گفتوگۆو ڕادەربڕین لە هەرشتێك لەلایەن وەزیرەوە بۆی ڕەوانە دەکرێت لە ئەستۆ دەگرێت.

٣- وەزیر بۆی هەیە بانگێشەی هەرکەسێك لەکارمەندانی وەزارەتو یان وەزارەتەکانی دیکەی کە تایبەتمەندیو شارەزاییان هەیە، بکات بۆ ئامادەبون لە دانیشتنەکەدا یان بەپێی پێویست.

٤- ئەنجومەن کۆبونەوەکانی گرێدەدات لەسەر بانگێشەی وەزیر، و بەسەرۆکایەتی ئەوو ولەحاڵەتی نادیاری بۆ سەرۆکایەتی دانیشتندا بریکاری وەزیر نوێنەرایەتی دەکات کە وەزیر پێی دەسپێرێ.

٥- بڕیارەکانی ئەنجومەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرکارە.

**ماددەی حەوتەم :**

دامەزراوەکانی وەزارەت لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :

١- بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ‌و شارەزاو بەتوانا بێ سەرۆکایەتی دەکات‌و ئەمانەی خوارەوەی پێوە پەیوەستن:-

- ❖ بەڕێوەبەری تاکەکان.
- ❖ بەڕێوەبەری پلان‌و بەدواداچوون.
- ❖ بەڕێوەبەری میرەو میکانیزمەکان.
- ❖ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن‌و پەیوەندیەکان.
- ❖ بەڕێوەبەری وردبینی‌و چاودێری کردن.
- ❖ بەڕێوەبەری تەکنۆلۆژیاو زانیاریەکان (بانکی زانیاریەکان).

٢- **بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی گشتی:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ یان ئەفسەرێ لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی لەعەقید کەمتر نەبێت، بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ‌و شارەزاو بەتوانا بێ، سەرۆکایەتی دەکات‌و ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێوە لکاوە :-

- ❖ بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەو ڕێکخراو پارتەکان.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەت.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نهێنی‌و گەیاندنەکانی تایبەت.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکردن‌و ڕێنمایی مەعنەوی.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تاوانە ڕێکخراوەکان.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی مەشق‌و ڕاهێنان‌و خوێندنەکان.
- ❖ فەرمانگەی هەماهەنگی‌و پەیوەندییەکانی هەرێمایەتی.

**٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی ناوخۆ:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێت شارەزاو بەتوانابێت سەرۆکایەتی دەکات، لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

- ❖ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیو تاکەکان.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.
- ❖ بەڕێوەبەرایەتی موڵکەکان.
- ❖ وردبینی.
- ❖ بەشی ئەندازیاری پرۆژەکان.

کارگێڕیەکانی ناوخۆ لە پارێزگاکانی هەرێمدا پێوە دەلکێن:

**٤- دەستەی پشکنینی کارگێڕی:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی شارەزاو پسپۆڕ بێ وبڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ، سەرۆکایەتی دەکات،و ژمارەیەك پشکێنەران هاوکاری دەکەن، دەستە تایبەتمەندە بەپشکنینی یەکەکانی کارگێڕیو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانو بەشەکانی سەربەوەزارەتن جگە لەفەرمانگەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

**٥- سەنتەری پەرپێدانی کارگێڕی:** کادیرەکانی کارگێڕیو سەرۆکی یەکەکانی کارگێڕی ئامادە دەکات، وئاستی بەجێگەیاندنو تواناکانی زانستیو کارگێڕیو ڕێکخراوەییو هونەریان بەرزدەکاتەوە، وکاروباری سەنتەر بەپێی پڕەوێك ڕێك دەخات.

**٦- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی وئاسایشی ناوخۆ:** لەدیوانی وەزارەت دەبێ، ئەرکەکانی دیاریدەکرێت بە هەماهەنگی کردن لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو ئەو فەرمانگانەی سەربە بریکاری وەزارەتن بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەفسەرێکی پۆلیس پلەکەی لەڕائد کەمتر نەبێتو شارەزاو بەتوانابێت بەڕێوەی دەبات.

**٧- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی شارەزاو تایبەتمەند بێ لەکارەکەیداو بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێو لەئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆبێو پلەی لە عمید کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات، دوو یارمەتیدەر پلەیان لە ڕائد کەمتر نەبێ هاوکاری دەکەن، وپیادەکردنی سەروەری یاساو پاراستنی سیستەمو هەرچی پەیوەندی بە کاروباری پۆلیسەوە، هەبێ لەئەستۆ دەگرێ، ولەمانەی خوارەوە پێك دێت:-

- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کاروباری هەرێم.
- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دارستانو ژینگە لە هەرێمدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دامەزراوەکانی نەوت.
- بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکانی تاوان لە هەرێمدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکیەکانی مەدەنی (نەهێشتنی ئاژاوە) لە هەرێمدا.
- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆڵ).
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینیو چاودێری.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکان.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسو بەرگری شارستانی لە پارێزگاکانی هەرێم دا پێیەوە پەیوەستن.

**٨- بەڕێوەبەرایەتی گەشت و ڕەگەزنامەی گشتی:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی شارەزاو تایبەتمەند لەکارەکەیداو بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ یان ئەفسەر بێ لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی لە عەقید کەمتر نەبێو بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێ سەرۆکایەتی دەکات، دووبارێدەدەر پلەیان لەڕائد کەمتر نەبێ هاوکاری دەکەن، هەموو کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە ڕەگەزنامەو باری شارستانی، نیشتەجێبوونو گەشت لە سنووری یاسای بەکار دەگرێتە ئەستۆو لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.
- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانو بەدواداچوون.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکان.
- وردبینی.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕەگەزنامەو باری شارستانیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی نیشتەجێ بوون لەپارێزگاکانی هەرێمدا پێیەوە دەلکێن :

٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ: بەڕێوەبەرێکی گشتی شارەزاو تایبەتمەند بێ لەکارەکەیداو بڕوانامەی زانکۆی بەرایی هەبێو لەئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیی‌و پلەی لە عەمید کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات، دووپارمەتیدەر پلەیان لە ڕائد کەمتر نەبێ هاوکاری دەکەن، وپیادەکردنی سەروەری یاساوسیستەمەکانی هاتوچۆو پاراستنی سیستەمو هەرچییەك پەیوەندی بەکاروباری هاتووچۆو ڕێکخستنی‌و ئەندازیاریی هەبێ لە ئەستۆ دەگرێت‌و لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.
- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانو بەدواداچوون.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکان.
- وردبینی.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆو ئەندازیاری هاتووچۆو لەپارێزگاکانی هەرێمدا پێیەوە پەیوەست دەبن :

**١٠- دەستەی پشکینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ :** ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی پلەکەی لە عەمید کەمترنەبێت شارەزاو تایبەتمەند بێ لەکارەکەیداو هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت سەرۆکایەتی دەکات، وچەند پشکینەرێك لەگەورە ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هاوکاری دەکەن، تایبەتمەند دەبێ بەپشکینی هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو فەرمانگەکانی سەربازی دیکەی پەیوەست بەوەزارەتەوە.

**١١- دادگاکانی هەمیشەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ :**

بەفەرمانی وەزیر دادگا دادەمەزرێت‌و پێك دێت لە سەرۆکی دادگاکە پلەی لە عەمید کەمترنەبێت شارەزایی لە (١٠)ساڵ کەمترنەبێت‌و دوو ئەندامی بنچینەیی پلەکانیان لە عەقید کەمترنەبێت و دوو ئەندامی یەدەگ بەهەمان پلەو داواکاری گشتی پلەی لە نەقیب کەمتر نەبێ، ودەبێ هەموویان لەئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆبن‌و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بن لەیاسادا، دادگا تایبەتمەند دەبێ بەسەیرکردنی هەموو جۆرەکانی تاوان کە دەخرێتە پاڵ ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو هەروەها یاساکانی سزایی دیکەو بنەمای، دادبینە سزاییەکان دەرهەقیان پیادە دەکرێ، وبڕیارەکانیان ملکەچی چاودێری‌و ووردبینیکردنی دادگای پێداچوونەوەی کوردستان_عێراقەو دەرماڵەی دادوەرانە بۆ سەرۆك‌و ئەندامانی دادگاو دەرماڵەکانی داواکاری گشتی بۆ داواکاری گشتی سەرف دەکرێت.

**١٢- نووسینگەی کۆچ و کۆچپێکراوان:** ڕاستەوخۆ سەربەوەزیرەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی کۆچ و کۆچپێکراوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا پێیەوە پەیوەستن.

**١٣-کۆلێژی پۆلیس:** (ڕاگری کۆلێژ) بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات، ڕاستەوخۆ سەر بەوەزیرەو دەبێ ئەفسەرێکی پۆلیس بێ پلەی لەعەقید کەمتر نەبێت، وکاروبارەکانی بە پێڕەوێکی تایبەتی ڕێکدەخرێت.

**١٤- فەرمانگەی یاسایی:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات.

**ماددەی هەشتەم :**

١- ئەرك و تایبەتمەندی وەزارەت بەپێی پێڕەوێك دیاری دەکرێت.

٢- وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان سەنتەر یان هۆبەکان لە کاتی پێویستیدا، سەرلە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیانوەشێنێتەوە یان لێکیان گرێبدات.

٣- وەزیر بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دیاریکراو ولەکاتی پێویستیدا لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی دابمەزرێنێ.

**ماددەی نۆیەم :** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی دەیەم :** یاسای وەزارەتی ناوخۆیی ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی یازدەم :** کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی دوازدەم :** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێزدەم :** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

---

پیت چنین/ طارق محمد رسول